# ( الأمانة ) سپاردە پارێزی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

ئامادەكردنی : زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ الأمانة ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : زاكروس هموندي

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ( الأمانة ) سپاردە پارێزی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه وسلم

سپاردە ( ئەمانەت ) پارێزی یەکێکە لەو ڕەوشت و سلوکە جوان و بەرز وپڕ بایەخانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کۆمەڵگەی لەسەر هاندەدات و باوەڕداری ساغ و دروستی پێدا دەناسرێتەوە، گەورەترین ئامانەتێکیش کە خوای گەورە ئەرکی پاراستنی خستوەتە ئەستۆی ئادەمیزادەوە ئەمانەتی پاراستنی ئەم ئاینە پیرۆزەیە کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت : ( إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ) { الاحزاب : ٧٢ } واتە : ئێمە ئەمانەتی (عەقیدە و بیروباوەڕ وئیسلام ) مان نیشانی ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان دا، (یاخود پێشنیارمان کرد کە ئێوە هەڵگری ئەم ئەمانەتە بن )، بەڵام هەموو لایەکیان دەستیان پێوەناو ترسان لێی (هەر پێیان چاك بوو ئاوا (مسیر بن، سەرپشك نەبن ) کەچی ئادەمیزاد هەڵیگرت و گرتیە ئەستۆی خۆی، بەڕاستی ئادەمیزاد زۆر ستەمکار و نەفام بوو (ئەگەر زۆرینە ڕەچاو بکەین ).

بەڵێ پاراستن و بەرگری لێ کردن و گەیاندنی ئەم ئاینە پیرۆزە بەو شێوەیەی خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردووە بەتەواوی جیهانیان ئەرکی تاکە تاکەی ئومەتی ئیسلامی یە، چونکە ئیسلام ڕەحمەتە بۆ تەواوی گرۆی ئادەمیزاد وەك پەروەردگار فەرموویەتی : ( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ) { الانبياء : ١٠٧ } واتە : ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانی بیت بۆ هەموو جیهانیان تادەستیی تەواوی مەردوم بەرەو هیدایەت و ڕێگەی بەختیاریی بگریی، دیارە هەر تەنها ئەوانەش بەهرەمەند ئەبن پێت کە خۆشیان ئامادەبن بۆ بیستنی بانگەوازەکەت ، ئیمامی (موسلیم) ئەم فەرموودەیەی هێناوە: **" إني لمْ أبعثْ لَعَّاناً ، وإنَّما بُعِثتُ رَحْمَةً "** واتە: بێگومان من بۆ ئەوە نەنێراوم هەردەم نەفرینکارو نزاکاری شەڕو خراپە بم بۆ خەڵکي، بەڵکو هەر بۆ بەڕەحمەت و میهرەبانیی و، دڵاوایی ڕەوانە کراوم. یان دەفەرموێ : **" إنّما أناْ رَحْمَةً مُهْدَاةً "** واتە : من هەر ڕەحمەت و هیدایەت دراو شارەزاکراوێکی دەستی خوام ونێردراوم بۆلای

ئێوە، واتە: خراپەکاریی و، ئەزیەت و ئازاردان، ئەمانە هیچیان کاری من نین .

یان دەفەرموێت : ( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ) { سبأ : ٢٨ } واتە :

ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد ئەی موحەممەد (صلى الله عليه و سلم) کە بۆ تەواوی خەڵکانی جیهان، ببیتە موژدەدەرو ترسێنەر.

خۆشەویستان ئەمانەت و سپاردەکان لەگەردنی ئێمەی موسڵماندا ژمارەیان زۆر زۆرە، بەو پێیەی هەرچی ئەو ناز و نیعمەتانەی پەروەردگار بە مرۆڤەکانی داوە سەرجەمیان بە ئەمانەت دادەنرێن پەروەردگاریش لەسەر دانە دانەی لێپرسینەوە لەگەڵ بەندەکانیدا دەکات، وەك فەرموویەتی : ( ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ ) { التكاثر : ٧ } واتە : پاشان سوێند بەخوا لەو ڕۆژەدا پرسیارتان لێ دەکرێت دەربارەی هەموو نازو نیعمەتەکانی دنیا (چۆنتان پەیدا کردووەو لە چیدا بەکارتان هێناوە).

گەورەترین ناز ونیعمەتیش کە خوای گەورە بە ئێمەی باوەڕدار و موسڵمانی بەخشیوە نیعمەتی ئیمان و ئیسلامە، وەك دەفەرموێت : (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ) { المائدة : ٣ } واتە : ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان .

چونکە بەهاتنی ئیسلام تاریکی وجەهل ونەفامی پشتی هەڵکرد و نوور و ڕۆشنایی سەرجەم دونیای گرتەوە، لەبەر ئەوە پاریزگاری کردن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەرك و واجبی هەموو باوەڕدارێکە ئەویش بەوەی بتوانیت بە جوانترین شێوە بیگەیەنیت بە کەسانی تر بۆ ئەوەی تەواوی خەڵك لە نیعمەتی گەورەی ئیسلام بێ بەش نەبن، لەهەمان کاتدا سەرجەم فەرمانەکانی پەروەردگار جێ بەجێ بکەیت و دووریش بکەویتەوە لە قەدەغەکراوەکانی، بەم کارەش بەشێك لە پاراستنی ئەمانەت و سپاردەی ئیسلام بەدی دێت .

ئازیزان ئەگەر سەرنج بدەین لەم گێتی وگەردونە فراوانەدا تەنها مرۆڤە خوای گەورە سەرپشکی کردوە لە هەڵبژاردنی چاك وخراپدا، بەشێوەیەك کە ئەتوانێت بەهۆی ژیری و عەقڵ و پەیامی ئیسلامەوە چاك و خراپ لەیەك جودا بکاتەوە وسەرپشك بێت لەوەی کە شوێن ڕاستی ئەکەوێت یان شوێن تێرکردنی ئارەزوو  و حەزەکانی دەکەوێت، بەم شێوەیە زانیمان یەکێکی تر لەو ئەمانەتانەی لە

گەردنی مرۆڤدایە ئەمانەت و سپاردەی ژیری و عەقڵە جا ئەگەر بەو شێوەیە ژیری و عەقڵی بەکارهێنا کە خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردووە ئەوە بێگومان ئەو هەقەی جێ بەجێ کردوە و پارێزگاری لەو ئەمانەتە بەنرخە کردوە، بەشێوەیەك بەژیری و عەقڵی بتوانێت بیر لەدەسەڵات و گەورەی پەروەردگاری بکاتەوە کە بەچ شێوەیەك ئەم هەمووە دروستکراو و مەخلوقاتەی لە نەبوونەوە دروست کردوە و بەم شێوە رێك و پێك وجوانسازیە رێکی خستوون، لەهەمان کاتدا نزیکی ئەو شتانەش نەکەوێتەوە کە دەبنە هۆی لەدەستدانی ژیری و عەقڵی وەك خواردنەوەی مەی و مادە بیهۆشکەرەکان و هەرچیەکی تریش کە زیان بەو نیعمەتە گەورە بگەیەنێت، چونکە تەکلیف وسەرجەم داواکاریەکانی ئیسلام بەندە بە بوونی ژیری و عەقڵەوە، هەر بۆیە دەبینین کەسێکی شێت کە خوای گەورە ئەو نیعمەتە گەورەیەی لێ سەندوەتەوە داوای هیچ شتێکی لە بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی لێ ناکات و سزایشی نادات لە جێ بەجێ نەکردنیان، تەنها لەبەر ئەوەی ئەو هێز و ئیدراکەی لەدەستداوە کە مرۆڤەکان چاك و خراپی پێ جودا دەکەنەوە !!

هەروەها یەکێکی تر لەو سپاردانەی کە واجبە لەسەر مرۆڤ پارێزگاری لێ بکات ئەمانەتی ئەو لاشە و جەستە جوانەیە کە پەروەردگار پێتی بەخشیوە، پێویستە لەسەرت هەقی لاشەت بدەیت لە خزمەت کردن و پاراستنی لەو شتانەی کە زیانی پێ دەگەیەنێت، بەشێوەیەك ڕووبەڕوی کاری ترسناك و نەهامەتی نەکەیت، چونکە پێغەمبەری پێشەوامان فەرموویەتی : " **وإن لبدنك عليك حقا ....** " { رواه البخاري } واتە : بزانە کە لاشە و جەستەشت هەق و ئەرکی هەیە بەسەرتەوە .

دیسان خێزان و ماڵو منداڵت هەموویان ئەمانەتیکی گەورەن لای تۆ، پەروەردە کردنیان بە پەرورەدەیەکی ئیسلامیانە و پارێزگاری کردن لە ڕەوشت و ئەخلاق و قیيەمیان ئەرکێکی گەورەیە لەئەستۆی هەموو دایك و باوکێکدا، هەر بۆیە دەبینین خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ) { التحريم : ٦} واتە : ئەی ئەو کاسانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان و ماڵو منداڵ وکەسوکارتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە، سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە، جۆرە فریشتەیەکن کە زۆر دڵڕەق و توندو تیژن، بێ فەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی ئەدەن .

دەست گرتن بە ڕەوشت و ئەخلاقی ماڵومنداڵ وکۆمەڵگەکەمانەوە لەم باردۆخە خراپەی کە جیهانی ئیسلامی تێکەوتووە کە لەهەموو لایەکەوە و بەهەموو وەسائل وهۆکارێك دوژمنانی ئیسلام

شەو ڕۆژ خەریكن كە نەوەكانی ئیسلام لە خشتە بەرن و دووریان بخەنەوە لەدینەكەیان گەورەترین بانگەوازێكە كە پێویستە لەسەر هەموو لایەكمان خۆمان بە لێپرسراو بزانین لەبەردەم پەروەرودگاردا كە ڕوو بەڕووی ئەو شاڵاوە نەگریسەیە ببینەوە و هێندەش پێمان دەكرێت خزم وكەسوكار و گشت موسڵمانانیشی لێ ئاگادار بكەینەوە چونكە بەڕاستی هەموو شتێك كە لەكیس مرۆڤ بچێت بە شێوەیەك لە شێوەكان دەتوانێت قەرەبووی بكاتەوە، بەڵام خوانەخواستە ئەگەر دین و ئەخلاق و ئابڕوو لەكیس چوو زۆر زەحمەتە قەرەبوو بكرێتەوە، جا بۆ ئەوەی ئاگر لەماڵمان بەرنەبێت پێویستە زۆر ئاگاداری ڕەوشتی ماڵومنداڵمان بین !!! .

بەڵێ گرتنە ئەستۆی پاراستنی ئەمانەتی كۆمەڵگەكەمان لەسوود وقازانجی هەمووان تەواو دەبێت، بەشێوەیەك ئەگەر توانیمان بەگشت لایەكمانەوە دەست بگرین بە فەرمان بەچاكە و قەدەغەكردن لەخراپە كە كار وپیشەی سەرجەم پیغەمبەران ( علیە السلام ) بووە، ئەو كاتە تاكەكانی كۆمەڵگا لەسەر چەند بنەمایەكی بەرز وپیرۆز پەروەردە دەبن كە زۆر ئەستەمە بە فڕو فێڵی ناحەزان بتوانرێت لەخشتە ببرێن، كەواتە با هەركەس لە ئێمە خۆی بە لێپرسراو بزانێت بەرامبەر دەوروبەری، وە ئەگەر نا خوانەخواستە لافاوی نەفامی وجاهلیەتی سەدەی نوێ هەموولایەكمان رادەماڵێت، وەك ئەوەی ئێستا دەبینرێت لەواقعی حاڵدا و ووردە ووردە خەریكە ئاگری لەدەستدانی بەها و رەوشتە جوانەكان بەردەبێتە ماڵی گشت لایەكمان .

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی كە ئەم كۆمەڵگەیەش ئەمانەتێكی گەورەیە لە ئەستۆی كاربەدەستان ولێپرسراوان و حاكمی ئەم میللەتەدا وەك پێغەمبەری ئیسلام ( صلى الله علیه وسلم) فەرموویەتی : " **الإمام راع وهو مسؤول عن رعيته** " { رواه البخاري } واتە : ئیمام و حاكمی موسڵمانان لێپرسراو وشوانی میللەتەكەیەتی وهەر ئەویش لای خوای گەورە لێپرسراوە بەرامبەریان.

خۆ ئەگەر كار بەدەست و حاكمەكانمان بەو شێوەیە نەبوون كە خوای گەورە داوای دەكات و كەمتەرخەمییان كرد بەرامبەر میللەت وگەل ئەو كاتە دەكەونە بەر هەڕەشەی ئەو فەرموودەیەی كە دەفەرموێت : " **ما من إمام ولا وال بات ليلة سوداء**غاشا **لرعيته إلا حرم الله عليه الجنة**" { صحيح الترغيب للألباني وقال حديث صحيح لغيره } واتە : هەر ئیمام و لێپرسراوێك شەوێك بمێنێتەوە و فڕو فێڵ و غەشی كردبێت بەرامبەر بە ڕەعیەت و ژێردەستەكانی ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەكات، كەواتە با كاربەدەستەكانمان لە خوای گەورە بترسن و چاوێك بخشێننەوە بە واقعی ئەم میللەتە هەژارە ولێقەماوەدا پێش ئەوەی رۆژێك یەخەیان بگیرێت كە هیچ شتێك فریای كەس ناكەوێت باوەڕی ساغ وردوست و كارو كردەوەی چاك نەبێت .

هەرەوها دین وگەیاندن و ڕۆشن كردنەوەی بەدەرەجەی یەكەم ئەمانەتە لە ئەستۆی زانا و دانا كاندا، چونكە ئەو كاڵایەی لای ئەوان دەست دەكەوێت لای كەسی تر نیە، ئەویش كاڵای زانستی دینەكەی خوای گەورەیە، جا لەبەر ئەوە با مامۆستایانی ئاینی چاك بزانن بیانەوێت یان نەیانەوێت كارێكیان لە ئەستۆ گرتووە كە هەڵگرتنی زۆر قورسە ومەسئولیەتی ئەو خەڵكە نەشارەزا لەئاینی

پیرۆزی ئیسلام هەر هەمووی لە ئەستۆی ئەواندایە لە ڕۆژی قیامەتدا، چونکە ئەگەر مامۆستایان و زانایانی ئیسلام مەیدانی گەیاندن و فێرکردنی خەڵکیان بەجێ هێشت کەسانێکی هەرزە و نەفام دێن دینەکە بە هەڵە لەخەڵکی تێدەگەیەنن وخۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن ( پەنا بە خودا ) .

لەهەمان کاتدا جێ بەجێکردن و ئەدا کردنی ئەو ئەمانەتە گەورەیەش ئەجر و پاداشتێکی گەورەیە لای پەروەردگار، وە زانایانی ئیسلامیش بەدەقی فەرموودەی صەحیح میراتگری پێغەمبەرانن ( علیه السلام ) وەك پێشەوای ئازیزمان موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا ( صەڵات و سەلامی خوای لێ بێت ) فەرموویەتی : **( العُلَماءُ وَرَثَةُ الأنْبِيَاءِ )** { رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وابن حبان } واتە: زانایانی ئیسلام میراتگری پێغەمبەرانن، بەو مانایە ئەو کارە پیرۆزەی کە پێغەمبەران ( علیه السلام ) پێی هەستاون ئێستا لەگەردن و ئەستۆی ئەماندایە .

یەکێکی تر لەو ئەمانەت و سپاردانە، ئەمانەتی ماڵو سامان و دارایی یە کە لەگەردن و ئەستۆی دەوڵەمەند و بازرگان و خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارەکاندایە کە پێویستە بزانن ئەو ماڵو داراییەی کە لەبەردەستیاندایە فەزڵ و نیعمەتی پەروەردگاریانە کە پێی بەخشیوون نەك لە ئازایەتی و لێهاتووی خۆیانەوە بێت، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو هەقەی کە خوای گەورە دیاری کردوە لەسەریان جێ بەجێی بکەن لە دەرکردنی زەکاتی ماڵ و سامانیان لەگەڵ دەستگیرۆی هەژاران و لێقەماوان، چونکە زەکات ماڵ و سامان و نەفس ودەروونی خاوەنەکەی پاك دەکاتەوە لە بەخیلی و ڕژدی، لەهەمان کاتدا هۆکاریکی سەرەکیە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی ( التكافل الاجتماعى ) لەنیوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە ئەو ماڵ و سامانەی کە زەکاتی لێ دەرناکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێت بە ئاگر و سزای سەخت بۆ خاوەنەکەی وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ){ التوبة : ٣٤ } واتە :

ئەو کەسانەی کە زێڕ و زیوو و – ماڵ و سامان – کۆ دەکەنەوە و زەکاتی لێ دەرناکەن و لەڕێی خودادا نایبەخشن ئەوە موژدەیان بدەری بە سزایەکی سەختی پڕ ئازار .

ئازیزان بەم شێوەیە بۆمان ڕوون بوویەوە کە پارێزگاری کردن لەو ئەمانەتانەی کە لەئەستۆی ئادەمیزاد و باوەڕداراندایە سەرجەم بوارەکانی ژیان ڕێك دەخات : هەر لەبواری بیروباوەڕ و پەرستن و ئاداب و ڕەوشت و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری وسەرجەم بوارەکانی تریش بە ڕێکخستنێکی حەکیمانە .

تێگەشتنی لە چەمك و مەفهومی ئەمانەت بەو شێوەی باسمان کرد نهێنی خۆشبەختی کۆمەڵگا و ئومەتی ئیسلامی یە، هەر بۆیە ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی کە ئومەتی ئیسلام ڕاستگۆترین

ئومەت بوون لە پارێزگاری کردن وهەڵگرتنی ئەم ئەمانەتانەدا باشترین ئومەتێکیش بوون کە خوای گەورە ناردی بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە تاریکی و نەفامی و گومراییەوە بەرەو نوور و ڕۆشنای ئیسلام بگێڕنەوە .

سوونەت و بەڵینی پەروەردگاریشە هەر کاتێك ئومەتی ئیسلام گەرانەوە بۆ لای دینەکەیان و کردیان بە سەرچاوەی ژیانیان لە سەرجەم بوارەکاندا جارێکی تر خوای گەورە ئەو سەروەرییەیان بۆ دەگێڕێتەوە إن شاء الله، وەك فەرموویەتی :

( وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا .... ) واتە : خوا بەڵێنی دڵنیابەخش و تەواوی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کارو کردەوە چاکیان ئەنجامداوە، بە ڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات لە زەویدا، هەروەك چۆن ئیماندارانی پێش ئەمانی جێنشین کرد ، وە هەروەها ئەو دین و ئاینەیان بۆ دەچەسپێنێت کە خوا خۆی پێی ڕازیە، لەگەڵ ئەوەشدا ترس و بیمیان بۆ دەگۆڕێت بە ئارامی و هێمنی ......

ئەی پەروەردگار لەتۆ دەپاڕێینەوە جارێکی تر سەروەری و سەرمەشقی بگێڕیتەوە بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام وبیکەیتەوە بە بەرنامەی ژیانمان لەگشت بوارەکاندا .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

وآخر دعوانا إن الحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته